# YOU COULD BE A LIFESAVER

## یاسای تایبەت بە بەخشینی ئەندامی لەش لە بەهاری 2023 دا گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

لە بەهاری 2023 ـەوە، سیستەمی بەخشینی ئەندامی لەش دەبێت بە سیستەمێکی ناچاری تەنها لەکاتێکدا نەبیت کە وازی لێ بهێنیت. 'یاسی دەیثی - Daíthí's Law' واتای ئەوە دەگەیەنێت کە لەکاتێکدا بەخشینی ئەندامی لەش ئەگەرێک بێت دوای ئەوەی کە دەمریت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە خۆت بڕیار بدەیت وازی لێ بهێنیت، یان لە گرووپێکدا بیت کە هەڵاوێردرابن، تۆ وەک بەخشەرێکی چاوەڕوانکراوی ئەندامی لەش ڕەچاو دەکرێیت.

Organ Donation

HSC Public Health Agency

DoH www.health-ni.gov.uk

زانیاری زیاتر لێرە بەدەست بهێنە:

**organdonationni.info**

**بەخشینی ئەندامی لەش بڕیارێکی کەسییە و تۆ هێشتا هەر بژاردەیەکت لەبەردەستدا دەبێت ئەگەر حەز بکەیت بیبەخشیت یان نا.**

**ئەگەر ناتەوێت ببیت بە بەخشەری ئەندامی لەش ئەوا دەبێت لەسەر تۆماری ئێن ئێچ ئێس بۆ بەخشەری ئەندامی لەش ناوی خۆت بسڕیتەوە. تۆ هەر کات بتەوێت دەتوانیت بەو کارە هەستیت هەتا ئەو کاتەی کە لە بەهاری 2023 دا یاساکە دەگۆڕێت و دوای ئەوەش.**

**هەتا ئەو کاتە، ئەگەر دەتەوێت دوای مردنت وەک بەخشەر ڕەچاو بکرێیت، تکایە بەردەوام بە لەسەر تۆمارکردنی بڕیارەکەت لەسەر تۆماری ئێن ئێچ ئێس بۆ بەخشەری ئەندامی لەش.**

**تۆ هەر بڕیارێکت دا، تکایە لەبیرت بێت کە بەو کەسانە بڵێیت کە لێتەوە نزیکن بۆ یارمەتیدانیان بۆ پشتگیریکردنی بڕیارەکەت لەکاتێکی سەختدا.**

**بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە گۆڕانکاری لە یاساکەدا، یان بۆ تۆمارکردنی بڕیارێک بۆ وازهێنان لە بەرنامەکە، تکایە سەردانی organdonationni.info بکە**

*** گرووپە هەڵاوێردراوەکان ئەمانە دەگرێتەوە:**

- ئەوانەی کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە
- ئەو کەسانەی کە توانای دەروونییان نییە بۆ تێگەیشتن لە یاسا نوێیەکە.
- سەردانکارانی ئیرلەندای باکوور
- نیشتەجێ کاتییەکان

